# بۆ تۆی پەلکەزێڕینە ...

باران



هەردوو دەستی خستە ژێر هەردوو گوێچکەم و وتی؛ تەنیا ئەوەندەم لێ نووسیووە، بەڵام هیواخوازم زیاتر لەمانەشت پێبگەیەنێت کە پێتدەڵێم:

بۆ تۆ و هەموو ڕەنگەکانت، سەرتاسەری خەون و خۆشی و خەمەکانت، تۆی سەنگین و پەرشبووی نێوان لاسەنگیی هاوکێشەکان، تۆی تژی لە دەنگ و مانا و بەسەرهاتی جوانیی و گریان، بۆ تۆی تەنک، بۆ تۆی ڕوون، بۆ تۆی چڕ و سەرئەنجامی لێدەرکردن و لێکدان و کۆکردنەوە و دابەشبوون، جەژنی کریسمست پیرۆز کچەکەم.

دیارییەکەیم بە دەستەوە بوو کاتێک کە بە زمانی خۆیانەوە پێموت؛ هەزار سوپاس! جەژنی تۆ پیرۆز.

ئەو ساتەش وەکو ئێستا فرمێسکی قەتیسماو لە چاوەکانمدا وەک ئاوی ڕووبارێکی وەستاو شەپۆلی دەدا، هەنووکە بەو ژانەدا کە بەهۆی کزانەوەی گلێنەکانمەوە بە دڵم دەگات، هەست بە سوێریی فرمێسکەکانم دەکەم و پێدەزانم ئەو هاژەیەی لە چاومدایە، چیدی نەک شەپۆلی ڕووبارێک، بەڵکە سەمای دڵ پڕ لە سۆی دەریایەکە.

لێوانلێو لە ڕامان بیر لە تێپەڕینی کات و یادەوەرییەکان دەکەمەوە، دانیشتووم و وەک هەمیشە دەفتەری یاداشتەکانم پڕ دەکەمەوە، من لە یانزە ساڵییەوە تیانووسی ڕۆژانەم هەیە و هیچیانم هاڵنەگرتووە، هەموو ساڵێک لەگەڵ کڕینی دەفتەرێکی نوێ، دێڕ بە دێڕی دەفتەرە کۆنەکە ڕەش دەکەمەوە یان لەتوپەتی دەکەم و ئاسەواری لێ ناهێڵمەوە، ڕەنگە بڵێن لەترسدا ئەمە دەکات! یان بڵێن کچی ئەمڕۆیە و ڕابردوو تەواو پشتگوێ دەخات! لە ڕاستیدا نازانم، من پێموانییە هیچکام لەوانە بم، چونکە هەمیشە دڵئارامم بەوەی کە شتێکی ترسناکم نییە بۆ شاردنەوە و هەر یادگارییەکییش جێگەو بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە ناخمدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لارییم لە دەربڕینی هەر وردەکارییەکی ژیانم نییە، هەر پێشمخۆش نییە ئەو دەفتەرانەم بکەونە بەر دەستی کەس!

پاش تەواوکردنی ئامادەیی، بۆ ماوەی دوو ساڵ، کارێکم کرد کە بەلامەوە خەمۆکترین کاری دنیا بوو، من بە درێژایی کاتی دەوام لە پشت کۆمپیوتەرێکەوە ناوی مردووی ئەم وڵاتەم تۆمار دەکرد، خۆ ئەگەر (هۆکان)ی هاوکارم نەبووایە کە هەمیشە هەوڵی دەدا کارەکەم خۆشبوێت و دیدگام لەسەر مردن بگۆڕێت،

بۆ دوو هەفتەش چییە نەمدەتوانی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بم. مەگەر خوا بزانێت لەگەڵ نووسینی پیت بە پیتی ناوەکاندا چەند دڵم دەگوشرا و چۆن لەبەردەم خۆمەوە دەکەوتمە بۆڵە بۆڵ و نارەزایی دەربڕین.

(هۆکان)ی هاوکارم، کە من زۆرجار بە هۆکانی میهرەبانیش بانگم دەکرد، پیاوێکی بە تەمەنی سەر و ڕیش سپی بوو، بە ڕووخسار زۆر لە (عەباسی کەمەندی) دەچوو، ئەو بە ڕەچەڵەک مەکسیکی بوو، بەڵام هەر لە منداڵییەوە خێزانێکی سویدی هەڵیانگرتبۆوە و ژیانی لە سوید بەسەربردبوو.

ئەو کە هەندێک جار تەواو ناکۆک و هەندێک جار تەواو هاوڕا بوو بە بۆچوونەکانم، هەمیشە بۆ قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵمدا گوێگرێکی پڕ شەوق بوو. ڕۆژێک پاش ئەوەی کەسێکی نزیکی یەکێک لە مردووەکانم لە شوێنی کارەکەم بینی بوو. وەک عادەتی خۆم، لەگەڵ نووسین و تۆمارکردنی ناوەکاندا، لە ناکاو بە دەنگی بەرز بیرمکردەوە و وتم؛ دەبێت وا بێت، ڕەنگبێت زۆربەی کات مرۆڤ بەر لە کەوتنە ناو کارەساتەکان بەرگریی وەربگرێت، ئەگەرنا کێ بەرگەی زامی دابڕان و مەرگی ئازیزانی دەگرت!

مەبەستم ئەوە بوو خەم و خەفەت و ئازارەکان ئەگەرچی بۆماوەیی چارەنووسێکی پێشوەخت نووسراوبن یان ئاکامی ڕووداوی کتوپڕ و بە ڕێکەوت، ڕاستەوخۆ یاخود پێش ڕووداوەکە ڕووداوێکی زۆر نادیار و نهێنی تر لە خودی کەسایەتییەکاندا ڕوو دەدات، وەک ئەوەی هەر کە ئەندامێکت تووشی برینێک دەبێت، یەکڕاست هێزی بەرگەگرتن لە لەشتدا کارا دەبێت، یان وەک چۆن لەگەڵ یان پێش لەدەستدانی کەسێکی ئازیزت، قودرەتی بەردەوام بوون و هێور بوونەوەت تێ دێت. بۆ چڕ کردنەوەی تێڕوانینەکەم بە زەردەخەنەوە وتەیەکی پێشینانم سەروبن کرد و وتم؛ حەتمەن (کێو)یت کاتێک بەفرت تێدا دەبارێت!

دەستم لەسەر دووگمەکانی کیبۆردەکە هەڵگرت و وتم؛ دەزانیت چۆنە (هۆکان)ی ئازیز، لە خەیاڵەکانی مندا و لە ڕوانگەیەکی زانستییشەوە، هێزی مانەوە و بەرگریی هۆرمۆنێکە تەریب بە خرۆکە سوور و سپییەکان لە خوێنماندایە. قودرەتێکی شاردراوەیە لە هزرماندا، نهێنییەکە لە سروشتی دروستبوونماندا، فریادڕەسێکی لەسەرڕێیە و هەموو دەم لە چاوەڕوانیی بانگهێشتکردنماندایە. هەر ئەوەندەی قورسە هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژیت و فەرمانی چالاککردنی بدەیت، ئیدی ئەو بۆخۆی وەک ئەسپێکی باڵدار غار دەدات و دەفرێت و لە هەموو ژان و نشێوییەک دەربازت دەکات.

هەندێک جاریش بیر دەکەمەوە، دەڵێم چەند سەرنج ڕاکێشتر دەبوو، ئەگەر بهاتبایە و ئەو توانا ناوەکییەی مرۆڤ، هەر بە سروشتیی، ڕێژەیەکی زۆرتر بوایە! دەزانی ئەو کات مرۆ چۆن دەبوو؟ ئەو کاتە نەک تەنیا بەرگەی ئازار و دابڕان، بگرە بەرگەی بۆمب و فیشەک و شمشێریشمان دەگرت، تۆ پێشبینی ئەو گەورەییە بکە، بریا وا دەبوو!

هۆکان کە لەو کاتەدا خەریکی ڕێکخستنی کۆمەڵێک فایل بوو، وتی؛ لەگەڵ خەیاڵەکانتدا کۆکم، سەبارەت بە بریا و بیرەکانیشت دەڵێم دوور نییە مرۆڤەکانی داهاتوویەکی دوور بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵگری هەموو ئەو هێزانەش نەبن! ئێ تۆ هەر لە هێزی بیرکردنەوەکەی خۆتەوە بڕوانە تا توانای دەروێش و پاراسایکۆلۆجیستەکان. من پێموایە ئەوپەڕی توانین لە پێکهاتەی خۆماندا وجوودی هەیە، بەڵام لۆجیکی ئەقڵی ئەمڕۆی مرۆڤ، پێویستی بە ئەوپەڕی ئیمانهێنانە بە باوەڕێک بۆ پەیبردن و بەگەڕخستنی ئەو قودرەتە ناوەکییانە.

من کە کاراکردنی توانای بەرگەگرتنێکی لەو جۆرەم بە خەیاڵپلاوێک دادەنا، لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکدا وتم؛ لۆجیکی ئەقڵی ئەمڕۆ! دەزانیت مرۆڤ چەنێک ماندووە بە ئەقڵییەتی ئێستایەوە. لێرەدا مرۆڤایەتی لە دۆخێکدایە دڵ پێی دەسووتێت، ئەمە جێگەی بەهەند وەرگرتنە و سانا نییە، زۆرێک لە مرۆڤی ئەمڕۆ کەسایەتی ناجێگیر و سەرلێشێواون، ئێ چی بکەن، ئەوان لە ئێستایەکدان کە نە بە یاساکانی دوێنێ

قایله و نه پێشبینییەکانی سبەینێی پێ هەزم دەکرێت.

هۆکان، کە نەیدەویست باسەکە ئاڕاستەیەکیتر وەربگرێت و مەبەستی بوو دەمارگیریی من بەرامبەر بە مردن شلبکات. ڕووی تێکردم و وتی؛ من هەمیشە بۆ مەرگی ئازیزەکانم چەندێک دڵتەنگ و چاو بە فرمێسک بووبم، هێندەش ئارام و ناخ خەنیی بووم، تێناگەم بۆچی هەر کاتێک هەواڵی مردنی کەسێک بیبیسترێت ئیتر ئازیزانی پێیانوایە ناگەهان کارەسات ڕوویداوە و بەوەش بۆ تاهەتایە دڵتەنگیی ڕووی تێکردوون و خودی مردووش بەوپەڕی بەدبەختی گەیشت! چما مرۆڤ کاتێک کە دێتە بوون سوور نازانرێت ڕۆژێک دێت نامێنێت؟ ئەدی هەریەکێک لە ئێمە پاش تێپەڕ بوونی تەمەنێک ناگاتە ئەوەی کە مردن لەبارترین دیاریی وجوودە و حاڵی ژیان بەبێ ئەو شڕ و بێتام دەبێت؟

ئەو دەیزانی کە من نەک هەر لەگەڵ وتەکانیدا نیم، بەڵکە لە خەنیی بوونیشی بەرامبەر مردنی ئازیزان سەرم دەسوڕمێت! هەر بۆیە بەبێ وەستان وتی؛ پێت سەیر نەبێت، من ژیانم زۆر خۆشدەوێت و زۆریش کامەرانم بە بوونم تیایدا، تۆ پێتوانەبێت کە تەواوی یان نیوەی چۆنێتی ژیانیشم بە دڵی خۆم بووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕای من ژیان هەموو شت دەهێنێت، تەنانەت مردنیش. من ئاوا بیردەکەمەوە؛ دەڵێم مردن کۆتایی ڕێگەکەو لوتکەی چیاکەیە، ئەوپەڕی پشوودانە لە دوای ماندووبوونی گەشتێکی نایاب بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە. کەوابێت گومانت نەبێت کە منیش وەک هەر مرۆڤێکیتر دەکەوم، ئەژنۆم دەشکێت و تا گریانێکی بەکوڵ بە مەرگ و بەجێهێشتنی ژیان دڵتەنگ دەبم. هاوکاتیش جیاواز لە هەر مرۆڤێک بەپێی تێگەیشتنە تایبەتەکەی خۆم بۆ مەرگ و ژیان دووبارە شادی دەزێتەوە دڵ و ڕووخسارم و ئاسوودە دەبم، ئاخر ئەو کاتانەش وەک هەمیشە بە خۆم دەڵێم؛ ئەوەی نەژیابێت نامرێت، دە خەنیی لەوانەی دەژین و داخ بۆ ئەو ڕۆحانەی کە جەستە و دنیا و چێژەکان نابینن. بەم شێوەیە هەڵدەستمەوە و دوا وتەم ئاراستەی لاشەی بێگیان و ڕۆحی نزیک و زیندووی ئازیزە مردووەکەم دەکەم و دەڵێم؛ هەنووکە دڵنیام کە تۆ ژیاویت، دە لە ترۆپکی بڵندیدا پشووبە، ئەی خاوەنی شەهادەی مەزنی ژیان، ئەی ڕۆحی کامڵ و نەمر.

لەگەڵ هۆکانی هێژا و شیرینگوفتاردا دوو ساڵ کاتی خۆشم بە ناخۆشترین کاری دنیاوە بەسەر برد. دوو ساڵ لە ژوورێکدا بەرامبەر بە یەک دانیشتین و جۆرەها باسمان پێکەوە کرد. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ کە نەمویست بەدوای ئەوەدا بچم بزانم لەو ماوەیەدا چەند سەد هەزار ناو لەسەر زاری خەڵک ون بوون، ئەفسووس (هۆکان ئێریکسسۆن) دوا ناو بوو کە بە چاوی تەڕ و دڵی پڕ لە خەمی یادکردنەوە تۆمارمکرد.

من کارەکەم بۆ ماوەی دوو ساڵ وەرگرتبوو، دەنا دەمویست بە بەردەوامبوونم، بە هۆکان بڵێم تا ڕادەیەکی باش دیدگات لەسەر مردن گۆڕیوم و هێزی بەرگەگرتنم تێهاتووە. ئێستاش کە دوا لاپەڕەکانی ئەو تیانووسە پڕ دەکەمەوە کە لە جەژنی کریسمسی پاردا، هۆکان کردییە دیاری بۆم و لەسەر بەرگەکەی نووسیبوو؛ (بۆ تۆی پەلکەزێڕینە)، لەو دەفتەرەدا، کە بەڵێنە یەکەم دەفتەر بێت نەیفەوتێنم و ڕێگەش بدەم بیخوێننەوە.. دەمەوێت بۆی بنووسم؛ دڵنیام ئاگات لێبوو، من ئەمڕۆ لەوێ بووم، لە ژێر ئەو درەختەدا کە لەسەر خواستی خۆت خۆڵەمێشی جەستەی سووتێنراوتیان بەژێردا پرژاندووە.. ئەو درەختەی کە لە باخێکی گەورەی قەراغ شاردایە و هاوینان بە تیشکی هەتاو سەوز دەبێت و زستانان بەفر سەرتاپای لە زیو دەگرێت.. هۆکانی میهرەبان. بڕوانە چەند چوومەتەوە سەر تۆ، ئەوەتام، تێکەڵاو لە خەندە و گریان، دەخوازم بمبیستیت کە دەڵێم؛ ئیدی دڵنیام ژیاویت، دە لە ترۆپکی بڵندیدا پشووبە، ئەی خاوەنی شەهادەی مەزنی ژیان، ئەی ڕۆحی کامڵ و نەمر.